خەزەڵی وەسان دەسیەی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو و کاردانەوەی دەخی ناوچەکە تاوتوێ دەکەن

قەیس خەزەڵی ئەمینداری گشتی بزووتنەوەی عەسائیب ئەهلی حەق، ئەمڕۆ چوارشەممە لەگەڵ محەمەد حەسان، نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کەبووەوە. تاوتوێی پێشهاتە سیاسی و ئەمنییەکانی عێراق و هەروەها هەڵبژاردنەکانی داهاتوویان کرد و جەختیان لەسەر پێویستی بەگەردی هەڵبژاردنەکانیان کردەوە. هەروەها باس لە کاردانەوەکانی دەخی هەرەمایەتی و مەترسییەکانی بە سەر سەقامگیری ناوچەکە کرا.

نوسینگەی خەزەڵی لە بەیاننامەیەکدا کە دەستی موتەبع کوتووە ڕایگەیاندووە: "قەیس خەزەڵی ئەمینداری گشتی بزووتنەوەی عەسائیب ئەهلی حەق ئەمڕۆ لە نووسینگەکەی پێشوازی لە نوێنەری ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بەڕێز محەمەد حەسان کرد".

لە بەیاننامەکەدا وتیشی: لە میانی دیدارەکەدا، پەرەسەندنی سیاسی و ئەمنیی عێراق، جگە لە کاردانەوەی دەخی ناوچەکە، بەتایبەتی دەستدرێژییەکانی ئەم دواییەی زایۆنیستەکان بە سەر کەماری ئیسلامیی ئێران و ئەو مەترسیانەی لەسەر سەقامگیریی ناوچەکە دروستی دەکات، تاوتوێ کرا.

لە کۆتاییدا هەردوولا باسیان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو کرد، جەختیان لە گرنگی دەستبەرکردنی بەگەردی و دروستکردنی کەشێکی گونجاو بە بەڕێوەچوونیان بە شێوەیەک کردەوە کە متمانەی گشتی بە

پرېسې دیموکراسۍ بڼرز بکا تګو.